# هاوسەنگی رووناکایی دی

ماڵ بە هەر دیکۆرێك بێ، پێویستی بە داناترین مۆدەکانی دیکـــۆرەوە دەبێ، وەك گونجاندنی نێـــوان دیکۆرەکان، یا ســـوود مەنـــد بێ لە کاتێکدا هەنگاوێکی بەردەستی دەوێ تاوەکو ئەو گونجانە شایســـتە و رازاوە بکات، یەکێك لە ســـەرەکیترین بەشـــەکانی دیکۆری ماڵ، کە رێگەیەکە بۆ رازاوەندنەوە و گەشـــانەوەی دیکۆر، بریتییە لە شێواز و رێگاکانی رووناك کردنەوە، کە بە سەرەکیترین رێگەی دەرخستنی جوانی دیکۆری مـــاڵ دادەنرێ، لە کاتێکدا ئەو هـــۆکارە، دەتوانێ دیکـــۆرەکان بکوژێ







## با گوارەکانت لەگەڵ رەنگەکان بگونجێن

رەنگەکان کاریگەریان هەیە لەســـەر جوانـــی و ســـەرنج راکێشـــی بۆ گشت کەرەســـتە و ئێکسسوارەکان، ئەمەش وادەکات کـــە رەنگی هەر ئێکسســـوارێك لەگەڵ جۆ شێوازێك بگونجێ، بە جۆرێك شیاوی رازاوە و کراوەیی بێ، یەکێك لە ئێکسسوارە گرنگەکان ئێکسســـواری گوارەیە، رێگەیەکە بۆ هەڵبژاردنی جوانییەکـــی رەها بۆ گوێچەکـــەکان، لێرەدا دەبێ رەچاوی شـــێواز و رەنگی گوارەکە بکەین کە دەخرێنە گوێچکەوە.

کاتێك رەنگی ماکیاژت رەنگێکی تۆخ بێ، دەکرێ سوود لە گوارەی رەنگە کاڵەکان وەربگری بۆ دروست کردنی یەکســـانی نێـــوان جوانی رووخســـار و گوێچکە، یان کاتێك ئەو جلەی هەڵیدەبژێری پێویستی بە ئێکسســـوارە کە یەکســـانی لە جوانی نێوانیانەوە دروســـت بکات، کاتێك جلەکانت لە رەنگی ســـپی دەبن، هەوڵبدە گـــوارەکان رەش بن، ئەمە کاریگەری زیاترە نەوەك گوارەکان سپی و جلەکانیش سپی بن.



## ستایلی جینز جوان

هـــەر مۆدەیەك وێرای بوونـــی بە جلێك کە دەپۆشرێ، رەنگدانەوەی جوانی هەیە لەسەر ئەو کەســـەی دەیپۆشـــێ، بەمەش دەبێتە یەکێك لە هەنگاوە ســـەرنج راکێشەکان، مۆدەکان شـــێوازی جیاوازیـــان هەیە، لەگـــەڵ ئەوەی هەر جلوبەرگێك دەبێ لە نمایش و شایستەیی خۆیدا بەدەربکەوێ، هەمان جوانیش بە جەســـتەوە بدات، جوانی قوماش و مۆدەی جینز دەبێتە رەنگدانەوەی جوانی جەستە، تەنانەت شێوازێکی



## ـــــكۆری ماڵەكەت بپارێزە

كاتێك لە شوێنی پێویست نابن، ڕووناكییەكان، جوانی دیكۆر دەردەخەن، هەوڵبدە سەرچاوەی ڕووناكییەكان لە پەنجەرەكانەوە نزیك نەبن، چونكە كار دەكاتە سەر نەمانی ئەو جوانییەی لە پەنجەرەكانەوە نزیكن، بە تایبەت كاتێك سەرچاوەی ڕووناكییەكانیش بچووك بێت، دەبێ ڕووناكییەكە سێبەری كەرەستەكان بە ڕێژەیەكی كەمەوە دەربخات، یان هاوشێوەیەكی ڕووناكی بەرامبەر ڕووناكی یەكەم دابنێ، تا هاوسەنگی دروست بكەن نێوان جوانی دیكۆرەكانەوە.



## مۆدەی كراسی كورت و كراوە




جلوبەرگ بەپێی كات و وەرزەكان گۆڕانكاری بەسەردا دێ، تەنانەت مۆدەیەكی كراوە و ستایشی پێوە دیار دەبێ كاتێك لەگەڵ هەر جلێكی سەرەوەدا بەراورد دەكرێ، لێرەدا بە مۆدەیەكی گەورەوە دەبێ پارێزگاری لەو جلانە بكەین كاتێك لە سەردەم و وەرزی خۆیەوە دەردەكەوێ، ئەمەش وادەكات كە بەهای جوانی خۆی لە دەست نەدات و ببێتە نمایشێكی جوان، یەكێك لە مۆدە گرنگەكانی وەرزی هاوین بریتییە لە پۆشینی كراسە كراوەكان، كە شایستەی جوانییەكی جێگای سەرنجن، وادەكەن بەبێ ڕازاندنەوەی نشونمای ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی جەستەوە بن، وەك ئەو چەند نموونەیەی كە دەبێتە ڕێگەیەكی تایبەت بۆ دەرخستنی جوانی بەشی سەرەوەی جەستە، لەم ڕێگەیەوە سوود لە كراسەكان وەربگرن كە بەپێ چەندین ڕەنگەوە، ستایلی بۆ دانراوە.




## ـــــی جەستە دەردەخەن

گونجاو بە جەستەوە دەردەخەن، ئەو جۆرە ستایلە لەسەر جەستەوە دەوەستێ، دەبێتە گوزارشت كردن لە هێمای جەستەوە، لەگەڵ بوونی ئەو جۆرە ڕەنگانەی كە بۆ جینزدا دادەنرێ، بەمەش دەتوانێ لەگەڵ سەرتاپای جلەكانی دیكەوە خۆی بگونجێنێ و جوانییەكی كراوەش ببەخشێ، لەم ڕوانگەیەدا جینز تایبەتمەندە، شایستەیە، بە تایبەت كاتێك بەپێ پێوەری جەستەوە هەڵدەبژێردرێ، ئەمەش وادەكات كە ستایلێكی گونجاو بێ بۆ دەرخستنی جوانی جەستەوە.






# کەروێشکی بێ گوێچکە

کەروێشـــك ئـــەو گیاندارەیە کـــە بە گوێ گەورەکانی ســـەرنجت رادەکێشیێت، بەڵام چ دەبێ ئەگەر کەروێشـــك بێ چـــاو، یان بێ گوێچکەوە ببینن،، بێگومـــان ئەوەندە جوان نابێ کـــە ئەو دوو بەشـــەی لە جەســـتەوە نەبێ، لە شـــاری (تشنیکۆ)ی وڵاتی چین کۆمەڵێك کەروێشـــك دەبینرێن، کە جێگەی سەرســـورمانی گشـــت لایەنێکـــە، ئەویش بەهۆی نەبوونـــی گوێچەکانـــەوە، لەگەڵ ئەوەی رەنگی چاوەکانیان رەساسیە و بەمەش جوانی چاوەکانیان لە دەســـت داوە، ئەمەش وادەکات کە ببێتە یەکێك لە گیاندارە تازەکان، ئێستا ئەوانە زیاتر شێوەیەیان لە جۆرج دەچێت نەك کەروێشك!



# جوانترین و سەرەنجراکێشترین ئەکتەری بۆلیییوود

خانمە ئەکتەرە ســـینەماکانی جیهان لەگەڵ دەستکەوتنی ئەو نازناوە گەورەی لە فیملەکانەوە بەدەستی دێنن، کەچی لەلایەکی دیکەشـــەوە نازناوێکی دیکەیان پێدەبەخشێنرێ، ئەویش نازناوی جوانی و سەرەنجراکێشـــییە، بۆ جـــاری (٣) خانمە ئەکتەری هیندی و بۆلیییوود (کاترینا) نازناوی جوانترین و سەرنجراکێشترین و شایستەترین ئەکتەری وەرگرت، گۆڤاری (ئیف ئێم ئیتش) لەمبارەوە راپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە : کاترینا ماوەی (١٧) ساڵە پارێزگاری لە جوانی سرووشتی خۆی دەکات و هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەســـەردا نەهاتووە، ئەمەش وادەکات کە ئەو نازناوەی پێبدرێ، جێگەی باســـە لە ســـاڵی (٢٠١١)کاترینـــا زۆرترین بەدوا گەڕانی ســـەر تۆڕی ئینتەرنیتی بۆ کراوە!

# ئێستاش مەیلم هەر ماوە دڵ یەکە ونەگۆڕاوە



خۆشەویستی لە گشت قۆناغێکی تەمەن هەیە و بەردەوام دەبێ، ئەگـــەر دوو دڵ بۆ یەکتر و بـــە پاکی بژین، ئـــەو ماچەی دەیبینن بـــە یادی جارانە و ماچێکـــە لە ناخـــەوە دەردەچێ و لە نێوان جووتە خۆشەویستێکی بە ساڵاچوو. کە نزیکەی (٥٠) ســـاڵە خۆشەویســـتن و تا ئێستاش خۆشەویســـتی و یەکتریان وەکو تەمەنـــی گەنجێتی دەوێ، ئەو پیاو و ئافرەتە لـــە وڵاتی ئۆکرنیا دەژیـــن و تەمەنی پیاوەکە (٨٤) ســـاڵانە، ناوی (تشـــینك شـــانکۆ)یە و ئافرەتەکەش ناوی (لایرا)یە و (٧٨) ســـاڵ دەبێ، رۆژانـــە لە بەرچاوی خەڵکەوە یەکتری ماچ دەکەن و لەبەرچاوی گشت خەڵکەوەش دەستی یەکتر دەگرن و پیاسە دەکەن.

# ئەشکەوتی شانەدەر دێرینـــ




کوردستان بە سرووشـــتی جوانەوە بەناوبانگە، تەنانـــەت شـــوێنە دێرینەکانـــی ئاوێنـــەی مێژووییەکی سەروەری و ئاسەوارێکی دێرینی ئێستایە، ئەمەش وادەکات مێژوویەك تۆمار بـــکات و بـــە بوونی مرۆڤ لە ســـەردەمی پێشـــوودا، کەلتوورێکی مێژوویی دەردەخات، یەکێك لە دێرینترین ئاسەوارەکانی کوردستان، بریتییە لە ئەشکەوتی شانەدەر، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە سەر چیای (برادۆست) کە سەر بە قەزی مێرگەسوورە، ئەویش دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتـــی شـــاری هەولێر بە دووری (١٤٥) کیلۆمەتـــر لە ناوەڕاســـتی شـــارەوە، بەرزایی ئەو ئەشکەوتە دەگاتـــە (٢٢٠٠) مەتـــر لەســـەر ئاســـتی دەریاوە، ئەشـــکەوتی



# ـــترین ئەشکەوتی کوردستان



شانەدەر بەوە ناسراوە کەوا لە پێشوودا مرۆڤی (نیاندرتال) لەوێ ژیاون بۆ ماوەی (١٠٠) هەزار ساڵ، واجیهەی ئەشکەوتەکە سێگۆشەیی دەنوێنێ و بەرزەییەکەی (٨) مەتر و پانییەکەی (٢٥) مەترە، مێژووی ژیان لەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ (٨٠)هەزار ساڵ پێش زایین، ئەمەو بە کاتی پشکنین لەلایەن دەستەیەکی مێژوو ناس، توانیان پەیکەری ئێسقانی (١٠) مرۆڤی نیاندرتاڵ بدۆزننەوە، شوێنی ئەو ئەشکەوتە لە بەرزاییەوەیە، کە دەکرێ سوودی لێوە ببینرێ بۆ ئەوەی بکرێت بە شوێنێکی گەشتیاری تاوەکو لەسەرتاپای جیهانەوە خەڵکی سەردانی بکەن.





# دەستاڕ کەرەسە بۆ لێهاتوویی و کاری ئافرەتانی کورد



دەستاڕ، ئەو کەرەسە کوردییەی کە ساڵانێکی زۆرە لەلایەن ئافرەتانی کوردەوە بەکاردەهێنرێ بۆ کاروباری ڕۆژانەوە، لە سەردەمی پێشوودا بۆ ورد کردنی (ساوار و برووش) بەکاردەهێنرا، بەڵام لە پێشوودا بۆ دروست کردنی ئاردیش بەکارهاتووە، ئەم کەرەستەی دەستاڕ، لە بەردی چیا دروست دەکرێ و بە شێوەیەکی بازنە دەبێ و لە ناوەڕاستەوە کون دەکرێ و دەبێ بەردەکە لەو جۆرە بەردە بێ کە شێوەی ئاسنینی هەیە، دەستاڕ لە دوو بەش پێکدێ و بەشی خوارەوەی دارێکی لە ناوەڕاستەوە جێگیر دەکرێ، ئەوەی سەرەوەش لە ناوەڕاستەوە کون دەکرێ و دەبێ لە دارەکەی خوارەوە گەورەتر بێ، لەسەرەوەش دەستکێك هەیە بۆ سوڕاندنی دەستاڕەکە، گەنم دەکوڵێنرێت و ئامادە دەبێ بخرێتە ناو دەستاڕ و بۆ ئەوەی ببێتە ساوار، کە لەکونەکەی سەرەوە ساوار و برووش و نیسك دەخرێتە ناوی و بە هێواشی دەسوڕێنرێت و تاوەکو کەرەستەکە دەکەوێتە خوارەوە ئیتر دەکەوێتە نێوان دوو بەردەکە و ورد دەبێ، کێشی دەستاڕ نێوان (٤٠ تا ٥٠) کیلۆ گرام دەبێ، ئەمەش بەپێی دەستاڕەکە دەگۆڕێت.

# دوانەکان پێکەوە ژیانی هاوبەش پێکدێنن


ئەوانەی بەیەکەوە لە دایك دەبن بە دووانە یان جمك ناسراون، بەهۆی ئەوەی لە یەك خانە جینییەکانەوە دروست دەبن، بۆیە شێوەیان وەکو یەك دەبێ و جیاوازیان کەم دەبێ، لە شێوە و ڕەواڵەتەوە بەیەکتر دەچن و تەنانەت بە ئاستەم لەیەکتر جیا دەکرێنەوە، ئەو دوو خانمە بووکە، جمکن و تەمەنیان (٢٤) ساڵە، لە وڵاتی ڕۆمانیا لە دایك بوون و لە بچووکیەوە کەسوکاریان بە دژواری (جینا)یان لە (مایا) جیا دەکەنەوە، هەمان شێوە و حاڵەت بۆ (ئەلیکس) و (مافیو)ی هەر دوو زاوای ئەڵمانی وایە، کە توانیان ئەو دوو جمکە خوشکە بخوازن و لە یەك ڕۆژدا ئاهەنگی خۆیان ساز بکەن، وەك لە وێنەکەدا دەبینن کە هەر چواریان شێوەیان وەکو یەکە و لە ئاهەنگێکی تایبەت و خۆشدا، هەردوو برای دووانە، دوو خوشکی دووانەیان هێنا.






**کاوڕ ۳/۲۱ - ٤/۱۹**

تۆ دووره پەرێزیت و خاوەن کەسایەتییەکی تەماویت، هەوڵبدە خۆت لە هاوڕێکانت نزیك بکەوە، بەمەش لەسەر ئاستی پیشەیی و سۆزداری مەترسی لەسەر ئایندەی ژیانت کەمدەبێتەوە.




**گا ٤/۲۰ - ٥/۲۰**

ئەمڕۆ رۆژێکی باشە بۆ ئەوەی لەپرۆژەیەکی بازرگانی ببیتە هاوبەش . ئامۆژگاری لەکەسێکی بەئەزموون وەربگرە و قسەی خۆشەویستانت لەلا گرنگ بێت.



**دووانە ٥/۲۱ - ٦/۲۰**

خۆشەویستەکەت تێبگەیەنە کەئەو بڕیارەی داوتە لێی پاشگەز نابیتەوەو بەرژەوەندی هەموو لایەنەکان تیایدا رەچاو کردووە. پەیوەندیت بە ئەندامانی خێزانەکەتەوە بەرەو باشی دەچێت.



**قرژاڵ ٦/۲۱ - ۷/۲۲**

دۆستێکی نزیکت پێویستی بە یارمەتی هەیە . بەرلەوەی داوای یارمەتی بکات تۆ دەرگای هاریکاری لێبکەوەو داواکارییەکانی جێبەجێ بکە .



**شێر ۳/۲۳ - ۸/۲۲**

دڵت لە رق و کینە پاککەرەوە. کەسایەتی تۆ لەگەڵ توندڕەوی ناگونجێت، خۆت کەسایەتییەکی نەرم و نیانی، گوڵی خۆشەویستی بە راستی و دڵسۆزی ئاو دەدرێت.



**گوڵەگەنم ۸/۲۳ - ۹/۲۲**

ئەرکە خێزانییەکان زۆربەی کاتەکانت دەبەن . لەپەیوەندی سۆزداری و هەڵبژاردنی هاوسەردا بە هێمنی بیربکەوەو بەقەناعەتەوە بڕیار بدە.



## کێ دەتوانێ ئەو کلیلە ببات ؟!

بیرۆکەیەکی سەیرە، کاتێك یەکێك بیەوێ لە ماڵێك دزی بکات، بێگومان پێویستی بەکلیل دەبێ، تۆش دەتوانی کلیلی ماڵەکەت لە ماڵەکەت جێبهێڵی، بەڵام لەسەر شتێکی دانێ و بیخەرە سەر کارەباوە، کەچی ئەگەر دزەکە هەندێك بیر بکاتەوە، دەتوانێ بە ئاسانی ئەو کلیلە ببات، ئەمەش کاتێك دەتوانێ بە کەرەستەیەك کە کارەبا نەگەیەنێ کلیلەکە لە سویچکە بکاتەوە، یان دەبڵی کارەبا بکوژێنێتەوە!

## پێڵاوە سەیرە تازەکان

کەرەستە سەیرەکان بە چەندین شێوەی جیاواز و تایبەتەوە دروست دەکرێن، تەنانەت دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی کە چۆن بەکاردەهێنرێ و کاری پێ دەکرێ، لە کاتێکدا ئەم کەرەستانە بۆ نمایشی تایبەت دروست دەکرێن، یان بۆ کاری رۆژانەوە، پێڵاوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دروست دەکرێن، کەچی ئەو پێڵاوە نەوەك بەشێوەیەکی سەیر دروست کراوە، تەنانەت سەیرکە چۆن دەپۆشرێ.



## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئامێرێکی میوزیکی کوردیت بۆت بۆ دەربچێ .

م ش ش ڵ م ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو (ڤینۆس)

## نوکته

- کوڕێك بە خۆشەویستەکەی دەڵێت: تۆ لە چ رۆژێك لەدایك بووی ؟
کچەکەش دەڵێت: لە رۆژی هەینی !
کوڕەکەش دەڵێت ئای لەم درۆیە، خۆ هەینی رۆژی پشوودانە و تەعتیلە.

* * *


- یەکێك دیویست خانوویەک تاپۆ بکاتە سەر خۆی. حاکم وتی بەڵگەیەکم بۆ بێنە کە خانووی تۆ بێت. رەسمێکی بۆ هێنا کە بەبێجامەوە حەوشەی دەشووشت!!



## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (۲) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**




ئەوەندە بیر لــە یادگارییەکان مەکەوە، چونکــە هیچ لە ژیانــی داهاتووت ناگۆڕێ، لە گفتوگۆیە هەستیارەکان خۆت دوورە پەرێز رابگرە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**



چەند هەنگاوێکی ســەرکەوتوانە لە زۆربەی بوارەکاندا دەنێیت، کە دەتوانیت بەســەر هەموو ئــەو پیلانانەی کە بۆت داڕێژراوە زاڵ بیت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**



بەهۆی نەرم و نیانیت جێگای خۆت لە دڵی کەسانی دەوروبەرەکەت کردۆتەوە، لەمــاوەی داهاتووتدا پێویســتە زیاتر بایەخ بەتەندروستیت بدەی.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**




دوو دڵ مەبــە لەکارەکــەت چونکــە ئاســانکاریت بــۆ دەکرێــت و ئەم دڵەڕاوکێیــەت نامێنێت، بۆیە ئەمڕۆ مەعنەویاتت بەرزتر دەبێت، باری کۆمەڵایەتیت بەرەو پێش دەچێت.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**



دڵت خۆشەلەبەر ئەوەی جێی سەرنجی دەوروبەرتی، حــەز دەکەیت بەردەوام ئاوا ســەرنج ڕاکێش بیت، لە هەنگاوەکانت دڵنیابە کەسەرکەوتن بەدەست دەهێنیت.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**



ئەمڕۆ بڕیار مەدە لەبەر ئەوەی هەوا لەبار نییە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان داوای یارمەتی بکە لەدەوروبەرکەت، پێویست بەشەرم ناکات.

ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ■ | | | | | | | | | | | ■ |
| ٢ | | ■ | | | | | | | | | ■ | |
| ٣ | | | ■ | | | ▲ | ▲ | | | ■ | | |
| ٤ | | | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٥ | | | | | | ■ | ■ | | | | | |
| ٦ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ٧ | | | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٨ | | | ■ | | | | | | | ■ | | |
| ٩ | | ■ | | | | | | | | | ■ | |
| ١٠ | | | | | | ■ | ■ | | | | | |
| ١١ | | | | | ■ | | | ■ | | | | |
| ١٢ | | | | ■ | | | | | ■ | | | |

## ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- پایتەختی وڵاتێکی ئاسیایە(پ).
٣- ژمارەیەکە(پ)- دارێکە- گــەورە(پ)- دووپیتی دایە.
٤- ژمارەیەکــە(پ)- پایتەختــی وڵاتێکی ئەورووپییە- هات(ت).
٥- شارۆچکەیەکی کوردتانە(پ)- جۆرە فڕۆکەیەکە.
٦- یەکێتی تۆپــی پێی نێودەوڵەتــی(پ)- قەرەباڵغ- قارەمانێکی کوردە.
٧- ئاشکرا(پ)- ناسك- میوەێکە(پ).
٨- تیر(پ)- چیایەکی کوردستانە(پ)-کامە.
٩- روبارێکی کوردستانە.
١٠- کچــە گۆرانیبێژێکــی تورکــە- شــاعیرێکی کوردبوو(پ).
١١- یورو(ت)- بەرهەمی شیرە- شاعیرێکی کوردبوو.
١٢- کورتکراوەی تادوایی(پ)-چیایەکی کوردســتانە- دوعا

## ســتوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- شاعیرێکە لەسودان- یار(ت).
٣- نیوەی کەوت- دوراوێکــە(پ)- ئامێرێکی مۆسیقایە.
٤- بــرد(ت)- نیــوەی ئیڤــل- ســپی بــە ئینگلیزی(پ)
٥-زامی(پ)- چوارپیتی نەشئەت.
٦- وەکویەك- ئایە.
٧- خواردنی ئاژەڵە- ناسر(ت)- گێژ.
٨- وڵاتێکی ئەورووپییــە(پ)- خەڵکی وڵاتی کوبا.
٩- باڵندەیەکە- کام(پ)- چیایەکی کوردستانە.
١٠- نیوەی شاکر- گۆرانیبێژێکە.
١١- خەڵکی وڵاتی کرواتیا(پ)- گەورەیە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە.

## ماناى شتەكان لە خەوندا

-دابەزیــن یان کەوتن : ئەگەر لەســەرەوە بۆ خوارەوە بێت مانای ئەوەیە بارو دۆخ لە باشەوە بەرەو خەراپ دەچیت، یان لەئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر یان لە پیشــەیەکەوە بۆ پیشەیەکی تر یان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تریان لە مەزهەبێکەوە بۆ مەزهەبێکی تردەگــۆڕدرێ، ئەگەر خواردنێکی خۆش یــان پیاو چاکێك دابەزێتە خوارەوە مانای ئەوەیە بارودۆخت بەرەو باشــی دەچێت، دابەزین بۆنــاو کەلاوەیەك یان بــۆ لای ئاژەڵێکی دڕندە باش نییە.

- ئەو کەســەی لە سەربان بکەوێتە خوارەوەو دەست و قاچی بشکێ خۆی یان ماڵ و موڵکی یان هاوڕێیەکی زەرەریان لێ دەکەوێت.

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## بۆ زاخــاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گەرمیان) بوو**

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (برای باوکت)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ئەو ماددەیەی لەناو پاتری ئوتۆمبێلەوە هەیە)
- پیتی خانەکانی (٤+٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (ناوێکی هاوشێوە بۆ ژان)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دایك دێ لە زمانی ئینگلیزی)

